كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

8-7-2007 1:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەڵامێک بۆ بەڕێز کۆنە وەزیرەکەی داد، سوێند بخۆن بە نیشتمان چیدی خیانەت بە کورد نەکەن لە پاساو هێنانەوەتان باشترە.. !! هەڵۆ ڕانیەیی**

سەرەتا دەمەوێت بزانم بەڕێز هادی عەلی باس لە کۆنگرەی قاهیرە بەو جۆرە دەکەیت کەوا ئەو پارت و لایەن و کەسایەتیی و جاشانەی بەشداربوون و ئیمزایان لەتەك ئیمزای شێخ ولئیسلامی مورشیدتانەوە کردووە بەڕاستی هی ئەوەن ئاوا ناویان بێنیت و بەسیاسەتوان و لایەنێکی گرنگی چارەسەری کێشەی سیاسی عێراقی بیانچوێنی.. !!، لە کاتێکدا خەڵکی ساویلکەش دەزانن کۆنگرە بۆ دژایەتیکردنی حکومەتی مالیکی و دەستکەوتەکانی کورد و بەشداری ئێوەش لەسەر ڕاسپاردەی ئیخوان موسلمینی جیهانی بووە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش بەڕێز سەعدی پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە ڕۆژنامەی هەولێر پۆست لەدیمانەیەکی ئەم هەواڵە پشتڕاست دەکاتەوە. دواتر جەنابتان باس لە سڕینەوەو لەکەدارکردنی ئینتمای نەتەوەییتان دەکەیت، من وەك هاووڵاتییەك دەخوازم هەڵوێستی سەرەکی ئێوە لەمەڕ ئەم لایەنە گرنگ و هەستیارە بزانم کە پێم وایە ئینتماتان بۆ نەك هەر نتەوە بگرە بۆ شتێکیش نییە بەناوی نیشتمانەوە، چونکە ئێوە بەپێی سیاسەتەکەتان کە لە ئیخوانەوە وەرتان گرتووە و درێژە پێدەرین، تێکڕای جیهانی ئیسلامی بە نیشتمانی خۆتان دەزانن.. !! بێگومان ئەوەی من باسی دەکەم و دەمەوێت بیزانم خواستی خەڵکێکی تریشە.. چونکە پێم وایە ئێوە تەنانەت کاتێك باس لەو مەسەلەیە دەکەن جگە لە گاڵتەکردن بە ئەقڵیەتی تاکی کورد، هەر وەك ئەوەی شێخ حەسەن ئەلبەننا لەبەرانبەر وڵاتپارێزو پارت و لایەنە دڵسۆز و خەمخۆرەکانی میسر دەیکرد هەر وابێ.. !!، کە دواتر بووبوو بەدرك و میسریەکان تاکو ئێستاش بەدەستییەوە دەناڵێنن.. لەبری ئەوەی خەونی بیرارو ڕۆشنبیرەکانیان بێتەدی بەوەی کە پێیان وابوو دەتوانن پێ بنێنە قۆناغێکی نوێ و لەو هەموو دەردەسەری و نەهامەتییە ڕزگارییان بێت ئاغاکانتان تەفرو تونایانکرد. دواتر باس لە خەباتی پڕ سەروەریتان دەکەیت بەڕاستی شتێکی بێ مانا دەوروژێنی کەدواجار زیان بەخۆتان نەبێت بەهیچ کەسێکی تر ناگەیەنێت، چونکە مامۆستای بەڕێز خۆتان لەخەڵکی تر باشتر دەزانن لەسەرەتای درووستبوونتانەوە تا بەئێستاش دەگات نەزانراوە جگە لە دروشمی بریقەدارتان سەروەرییەك چییە بۆ کورد تۆمارتان نەکردووە، هەڵبەت ڕۆژێك گوللەیەکتان نەك تەنها نەناوە بە حکومەتی بەعسەوە کە چاك دەزانن چی سیاسەتێکی بەرانبەر کورد پێڕەوی لێ دەکرد، بەڵکو هەوڵتان بۆ ئەوە بووە شۆڕشگێڕانیش لە بەرخودان و بۆ پاراستنی کوردستان بەدوور بگرن، چونکە خەڵکی تێدا دەکوژرێت و ئەمەش بەشەرعەکەی تۆ (حەڕامە) . !!

دواتر بۆ داپۆشینی هەڵەکانتان خۆ دەخزێنیتە نێو مەسەلەیەکەوە ئەگەر بەپاساوی نەزانیت، دەشێت بڵێین تێکڕای ئەو هەڵانەی لەلایەن پارتە سیاسییە کوردستانییەکانەوە کراون هەلومەرجێکی تایبەتی و ئیقلیمی و نێودەولەتی وەبەری هێناون، کەواتە باسێکی لەم جۆرە تۆزی لێ نیشتووە و شەرمە بیکەنە بنێشتە خۆشەی سەرزاران.. چونکە هەر چییەکی کردبێتیان دواجار قوربانییەکی بێ چماریان داوە.

لە بارەی مێژووەکەشتانەوە من تا ئێستا نەمزانیوە لەماوەی ئەو 14ساڵەی مێژووی حزبەکەتانەوە کەباسی لێوەدەکەیت چی خزمەتێکتان بەخەڵکی کوردستان کردبێت کە بەرهەمەکەی دیاربێت جگە لەدرووستکردنی مزگەوت و بە پارە کڕینی خەڵکانێك ئەویش بۆ مەبەستی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان بووە.. !! کاك هادی بەڕێز ئەگەرچی بەر لەدرووستکردنی یەکگرتووش لەڕیزەکانی پارتە سیاسییەکانی تردا تێکۆشابن ئەوا لە ئێستادا هەموویتان زەڕبی سفر کردووە، چونکە هیچ کاتێك و بەدرێژایی مێژووی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆی، کورد، لەسایەی ئیسلامدا جگە لەزیان گەیاندن بەدۆز و هەموو ئەو دەرفەتە مێژووییانەی بۆی هاتوونەتە پێش بۆ بنیاتنانی کیانێك بە چوونە ژێر کاریگەری ئیسلام بوونی شتێکی دیکەی پێ نەبڕاوە.. کەواتە بەخۆماڵی کردنی ئەو حاڵەتە ئیسلامییەی باسی لێوە دەکەیت هەمان ئەو هەڵوێستەمان نیشان دەدات کە لەڕابردوو و کۆنگرەی قاهیرە بەڕێوە چوون.. !!، چونکە کورد دوای شکستی ساسانیەکان بە زەبری شمشێر ئاشنایەتی بەئیسلام و سیستمی حوکمی ئیسلام هەیە.. !! بەشدار بوونیشتان لەهەر پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی وەکو خۆت دەبێژیت بەقەدەر ئەوەی زیانی گەیاندووە بە کورد و دۆزەکەی و سیخوڕیکردن بەسەرییەوە شتێکی دیکە نییە و گەر واش نییە، دەتوانن بەرەنجامی هەڵوێستی نیشتمانی و بەرگریکردن لەدۆزەکەی بە خەڵکی رابگەیەنن.. !! لەبری پاساو هێنانەوەو سیاسەتی بازبازێن و پەت پەتێن و پلانە نەگریسیتان هەوڵ بدەن سوێند بەو نیشتمانە بخۆن کە تیایدا ئازادن و جارێکی دیکە خیانەتی پێ نەکەن. دەربارەی راگەیاندنیش ئەو لایەنە گرنگ و کاریگەرو هەستیارو بەرپرسیارەیە لەبەرانبەر جەماوەرەکەیدا پلانی ناحەزان و دوژمنانی دیموکراتی و بەرقەراری یاسا و سەقامگیری چاوپۆشی ناکات.

تێبینی: وتارەکەی بەڕێز هادی عەلی کۆنە وەزیری دادی حکومەتی هەرێم لە سایتی یکگرتوو (14-6-2007) دابەزیوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.